## وێنە ... ئیبراهیم هەورامانی

تەموزی – 2005
ئیتالتا

لەشەپۆلە شینەکانی دەریای ناوەڕاستەوە
چاوەکانت وێنادەکەم. .
لەشەونمی سەر خونچەو گوڵی باخچە
ڕازاوەکانی ڕۆماوە. .
سپێدەی تۆ بەدی ئەکەم
لیرە، لەم مەملەکەتی عیسایەدا
نیگای هەر دیمەنی دەکەم
تەنیا سیماو
ڕوخساری تۆ بەدی ئەکەم.
*** ** ***
لێرە من پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی. .
باخچەکان. .
ژنەکان. .
شەقام و
شەپۆلی کەنار دەریای چوار دەوری شار
بەئاسانی ئەمناسنەوە. .
کەدەزانن. .
غەریبم بەچراخانی ئەم وڵاتە!
نامۆم بەپاکژی ئاوی خواردنەوە!
نامۆم. . نامۆ
وەك منداڵێکی عەجول
لە هەموو جوانی یە کانیان دەڕوانم
دەمناسنەوە
ڕۆژهەڵاتیم. .
کەبەدرێژایی تەمەنم. . .
نەمانایی ئازادی دەزانم و
نەلەزەتم لەژیان چەشتووە.